# ڕۆژووی ئەو شۆفێرانەی کە هەمیشە لەسەفەردان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# صيام بعض أصحاب الشاحنات وهم مسافرون طيلة العام

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## ڕۆژووی ئەو شۆفێرانەی کە هەمیشە لەسەفەردان

**پرسیار** : هەندێك لە شۆفێرانی ئۆتۆمبیلە گەورەكان و هەندێك كەسیش بەدرێژایی ساڵ لەسەفەردان، ئایا لە مانگی ڕەمەزاندا دروستە ڕۆژووەكانیان بشكێنن، یان دروست نییە، وە ئەگەر دروستە لە چ كاتێكدا قەزای بكەنەوە و ڕۆژووەكانیان بگرنەوە؟

**وەڵام**: سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هاتوو ماوەیەی كە سەفەرەكەی تێدا دەكرێت، بگاتە ئەو ماوەیەی كە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دا ئامارژەی پێكراوە، و جمهوری زانایان دیاریان كردووە

کە بریتیە لە چوار فەرسەخ و بە کیلۆمەتر دەکاتە زیاتر لە هەشتا کیلۆمەتر، ئەوە دروستە ڕۆژووەکانیان بشکێنن، یان هەر لەسەرەتای سەفەرەکانیانەوە بە ڕۆژوو نەبن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [ البقرة : 185 ] واتا : ئەوکەسانەی نەخۆش و لەش بەبار    ن، یا ن لەسەفەر دان و ڕێبوارن، ڕۆژووەکانیان دەشکێنن، وە دەبێت لە ڕۆژانی دیکەدا ڕۆژووەکانیان بگرنەوە .

کاتێکیش ڕۆژووەکانیان شکاند ئەوا لەسەریان واجبە پێش ئەوەی ڕەمەزانێکی تر بگەڕێتەوە بەسەریاندا قەزای ئەو ڕۆژانە بکەنەوە کە نەیانگرتووە، خۆ ئەگەر دوایان خست تا پاش هاتنەوەی ڕەمەزانێکی تر ئەوا پێویستە لەسەریان لەگەڵ گرتنەوەی ڕۆژووەکانیشیان کەفارەتێکیشی لەگەڵدا بدەن، بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێکیش بدەن .

ئەمەش مانای ئەو حیکمەتە گەورەیەیە کە خوای گەورە بەندەکانی نارەحەت ناکات لە ئەداکردنی واجبەکاندا بەڵکو ڕێگای داون کە ڕۆژووەکانیان نەگرن بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ڕێگای داوون لەسەفەردا ڕۆژووەکانیان نەگرن، فەرمانی پێکردوون پاش ڕەمەزان ئەو ڕۆژانە بگرنەوە، دیارە گرتنەوەی لە ڕۆژانی تردا ئەو نارەحەتیە لادەبات لەسەر بەندەکان .

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت ...

لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوادان و لێکۆڵینەوەی زانستی

فەتوای ژمارە :6281 .